دەرووەی ئەمریکا پاداشتی پێنج ملیۆن دۆلاری بۆ زانیاری لەبارەی سەرکردەی باندێك راگەیاند

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پاداشتی پێنج ملیۆن دۆلاری پێشکەش کردوە بۆ هەر کەسێك ئەگەر زانیارییەکیان پێبدات و ببێتە هۆی دەستگیرکردن یان سزادانی فرانسیسکۆ مانوێل بۆرمۆدێز کاگوا ناسراو بە "چورێن" سەرۆکی باندی لاس چێنرەسی ئیکوادۆر.

بەگوێرەی پەیامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمە نوسینگەی نێودەوڵەتی ماددە هۆشبەرەکان و کاروباری جێبەجێکردنی یاسا پاداشتێکی تا پێنج ملیۆن دۆلار ئامادەگەیەنێت بۆ هەر زانیارییەك کە ببێتە هۆی دەستگیرکردن یان سزادانی فرانسیسکۆ مانوێل بۆرمودێز کاگوا، ناسراو بە چەرێن سەرۆکی باندی لاس چێنرەس لە ئیکوادۆر.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باسی لەوەشکرد، ئەو پاداشتە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیکوادۆر پێشکەش کراوە.

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا کەسێك تۆمەتبار دەکەن کە بە "چورێن" ناسراوە بە ڕێکخستنی ئێپەراسیۆنەکانی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و چەك بۆ ئەو باندە، لە مانگی (حوزەیرانی/6)ی ئەمساڵ لەگەڵ هاوکارەکانی لە نیویۆرك بە تۆمەتی پیلانگێڕی بۆ هاوردەکردن و

دا به شکردنی کۆکاین و هەڵگرتنی چەك بە مەبەستی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە تەمەتبار کران.